# ئیدی حکوومەتمان بۆ چییە؟؟!!



ئاسۆ عەلی فەرەج
aso_ali2003@yahoo.com

بێ پێشەکی و پاشەکی حکوومەتە ساوا لە دوا ساواکانی ئێمە هەمیشە کلۆڵ بوونە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان لە هەرێمێکی بچووکی وەک باشووری کوردستان، ئەگەر هەرچییەکیش کرابێت ئەوە جێگای رێزی خەڵک و فاکتەری دەوڵەمەند بوونی نا مەسئولەکان بووە.
حکوومەتێک هەمیشە بەم کلۆڵییە باوەڕ ناکەم تا سەر بەم شێوە نارێکە بڕوات و قبووڵ بکرێت. ئاخر رەوا نیە و هیچ پاساوێک نەماوە بۆ ئەوەی خەڵکی لە خشتە ببرێت، تا نووکە چاو سەختی کۆمەڵگەی کوردی هۆکارێک بووە بۆ قەناعەت هێنان بەم کلۆڵیە، وێڕای قسە زلەکانی ئێوەی بەرپرس بەناوی ساوا و ئەمنی قەومی و نەبوونی ئەزموونی کارامە..
ئاخر............
هەرێمێک شازدە ساڵ بێ ئاو...
هەرێمێک شازدە ساڵ بێ کارەبا....
هەرێمێک شازدە ساڵ بێ شەقام..
هەرێمێک شازدە ساڵ پڕ گەندەڵی دارایی و ئەخلاقی...
هەرێمێک شازدە ساڵ بەدەست کێشەی خانوو دەناڵێنێ..
هەرێمێک شازدە ساڵە مەسئولی بێ بەزەیی و بازرگان بەرهەم بهێنێ...
هەرێمێک شازدە ساڵە لێوانلێو لە بێ بەرنامەیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری...
هەرێمێک شازدە ساڵە گەنج دەکوژرێت و کوڕانی مەسئولیش لە ناز و نیعمەتدایە..
هەرێمێک شازدە ساڵە......
هەرێمێک شازدە ساڵە.........
ئیدی بۆ شەرم دەکەن و ناڵێن بوونی ئێمە مانای چی؟
ئیدی تاکەی گوێ لە ئاواز و نووزەی دایک و کەسوکاری شەهید دەگرن؟
ئیدی تاکەی خەریکی گەنج خەڵەتاندن دەبن؟
باوەڕ ناکەم هاووڵاتیان هێز و توانای ئەم هەموو کلۆڵییە ئێوە بگرێت...

* ئەم بابەتە پێشکەشە بە 1992/7/4 رۆژی دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور